
# شێتی وڵاتی منە


عەلی کاکاوەند
(تاران)
لە فارسییەوە: ناسر وەحیدی
(بۆکان)

(ساعیدی لەگەڵ مانگا دەدوا، لۆرکا لەگەڵ مانگ،
من لەگەڵ هەتاو
ئێمە شێتەکان دنیای ئێوەمان جوان کردووە
ئێمە کە بەشێکمان جگە لە دەرد و خەون
بەرنەکەوتووە)

بگەڕێوە هەتاو!
تۆ تەنیا شایەدی ئێمە بووی
بڵێ چۆن ناڵاندمان، هانکەهانکمان کرد و
خوێن فیشقەی کرد لە کەلەکە و قورگەکان
بڵێ دایکان چۆن لە نێو دووکەڵ و ئاور ئاخر
لایەلایەیان چڕی و
هیچ کەسێک نەی دیت چییان بەسەر هات
تۆ دەبێ لەوێ بی، تۆ تەنیا شایەد بووی
– دەبێ بڕۆم
شەوە
گەرەکمە کۆتاییم بێ
بەرلەوەی منداڵان بە خۆرهەڵاتنێکی تر دڵخۆش کەن

نا هەتاو:
لە نێو ئەو شاخە ڕەشانە وێڵمان مەکە
تەنیا هیوام ئەمەیە کە تۆ شایەدی
کەسێک دەبێ وەگێڕێ کە چمان بەسەر هات
کەسێک کە نەکرێ لە بوونی ئەودا لایەلایە و
خوێن و قیژە لەبیر بکرێ
خۆزیا زەوی سووڕی نەدەدا و تەخت دەبوو و
نەدەگەڕا
تا تۆ شوێنێکت بۆ ڕۆیشتن نەبایە

تۆ مەحکوومی کە شایەد بی
بڕۆی لە پشت چی خۆت حەشار دەدەی؟
ئەم گردانە نە لە خاک و بەرد
لە تەرمەکانی ئێمە باڵایان کردووە
چۆمە ویشکاوەکان تەماشا کە لە خوێنی ئێمە
چۆن دەلْڕفێنن
نیشتمانم ببینە!
نووچەکە بڵیندەکان باڵایان کردووە بە جەنازە
بە لرفەی چۆمگەلێ لە خوێن
بە ئەفسانەی ڕۆڵە کوژی و کوشتن و تاڵان
بەچییەوە شانازی بکەم؟
لەبەرچی هەرچی دەگەڕێم مەرگ ساکارترین
ڕێگەی ژیانە؟
مەرگ هیچ کاتێ ئەوەندە نیشتمانی کەسێ نەبووە

تۆ وەرە دایکایەتی بکە
زێدی دایکی
لایەلایەی دایکی
تۆ نیشتمان بە
من هەنووکە بۆ تۆ دەدوێم شێتی نییەم
ئێستا وڵامێ لە تۆ ببیستم شێتییە
لەگەڵ من بدوێ
تا شێتی ببێتە وڵاتی من.

**هەڵوەشان**

یەک کورسی پێویست نییە کورسی بێ
کورسیگەلێ دەناسم
کراس و پانتۆڵ لەبەر دەکەن
لە پشت مێز دادەنیشن
بەرقەننە دەخۆن
ڕۆژنامە دەخوێننەوە.

یەک تەلەڤیزیۆن پێویست نییە تەلەڤیزیۆن بێ
تەلەڤیزیۆنگەلێ دەناسم
کە هەر کامەیان مرۆیەکی تەنیایان لە ماڵێ هەیە
شەوی چەن سەعات تەماشای ئەو دەکەن
قسەکانی دەبیستن
وێنەکانی تۆمار و بڵاو دەکەنەوە و
کاتی خەو، خامۆشی دەکەن.

هەر دەرکەیەک پێویست نییە دەرکە بێ
دەرکەگەلێ دەناسم
کە هیچ کاتێ نە داخراون، نەکراوە
دەرکەگەلێ کە لەو لاوە مرۆڤگەلێ دەبیستنەوە
لەم لایەوە مرۆڤگەلێ دەکەنەوە.
تەختەگەلێکی خەو
کە ئاو بە خۆیاندا دەکەن
عەتر لەخۆیان دەدەن
پەتوو وەسەر خۆیان دەکێشن دەخەون
بەڵام خەون نابینن.

جلگەلێ کە مرۆڤەکان لەبەر دەکەن.

پێڵاوگەلێ کە پێیەکان دەدڕن و دەدوورنەوە.

سەعاتگەلێ کە سەری وەخت دەگەنە سەر قەرار.
کتێبگەلێ کە مرۆڤەکان دەنووسن، مرۆڤگەلێ
دەخوێننەوە.

هەر مرۆیەک پێویست نییە مرۆ بێ
مرۆڤگەلێ دەناسم
کە لە لابەلای سەرە و لاپەڕەکاندا پیر دەبن
مرۆڤگەلێ کە هەمیشە چاوەڕێی خەبەری شەڕن
تا لە هەواڵی کام ڕۆژنامە و تەلەڤیزیۆن
ژێر کام دەرکە و کورسی
بەکام پێڵاو و سەعات

له لاپەڕەی چەندەمی کتێب
دەتەقێنەوە.

**پەنجەرەکان**

هێندێ لە پەنجەرەکان بەرەو شوێنێ ناکرێنەوە
هێندێ لە پەنجەرەکان لەبیریان کردووە پەنجەرەن
هێندێ لە پەنجەرەکان بە فیکری هەڵواسینی
پەردەی پەنجەرەی هاوسێن
هێندێ لە پەنجەرەکان چاوەڕێی دەستێکن بۆ
کرانەوە
هێندێ لە پەنجەرەکان لە بەرنامەی ڕۆژانەیان
قاوەڵتییان سڕیوەتەوە
هێندێ لە پەنجەرەکان ماڵەکەیان داوە بە کرێ
هێندێ لە پەنجەرەکان تەنیا لە گۆسەی پەردەوە
چاو لێ دەکەن
هێندێ لە پەنجەرەکان وا بەباش دەزانن داخراو بن
هێندێ لە پەنجەرەکان مەیلیان هەیە بڕژێنە خوار
هێندێ لە پەنجەرەکان لەم ڕستەیە دەفامن و
هێندێ لە پەنجەرەکان...
هێشتا ساز نەکراون

**دیکتاتۆرەکان**

دیکتاتۆرەکانیش جاری وایە لە خۆیان ماندوو دەبن
عاشق دەبن
دەست لە دەسەڵات دەکێشنەوە
لەشیان لەگەڵ گەرمیی دەستەویەخە دەبێ و
لانی کەم یەک جار ژێردەکەون

**دەماوەند**

لە شاخدا دێمە خوارێ
مەترسن!
من هەڵگری هیچ بانگەشەیەک بۆ ڕزگاری مرۆ نیم

**ئەوینە ڕۆژهەڵاتییەکان ١**

ماشێنی جلشۆر تیرۆریستێکی مەترسیدارە
کاتێ دەسووڕێ و دەگەڕێ
هەتا عەتری لەشت لە جلەکان پاک کاتەوە
تیرۆریستێکی گەمژە
کە لای خۆی وا بیر دەکاتەوە پیساییەکان لەناو دەبا

**ئەوینە ڕۆژهەڵاتییەکان ٢ (وەڕەز)**

بەم بارانەی نیوەشەوە و هۆ هۆی با
بەم لاواندنانەی تۆ لە بیرەوەری من
نا! ئەمشەویش خەوتن ناکرێ
تەنیا هەزارپێیەکی پێچراو لە مەلافە دەتوانێ
لاقەکانی دانەدانە دەدۆزێتەوە و دەیانخاتە سەر یەک

**ئەوینە ڕۆژهەڵاتییەکان ٣ (وەتین)**

بەم هەنجیرە زەرد و شیرینەی
کە تۆ هەتە
من ئەگەر ئاسمانی بوومایە
لە کتێبەکەمدا بەوان سوێندم دەخوارد.

**سەرنج:**
**ئـەم شـیعرانە لـە ئێـوارەی ڕۆژی ٢٠٢٤/١٢/٢٠، لـە هۆڵـی هوتێـل شـیراتۆن، ڕاسـتەوخۆ لەلایـەن شـاعیرەکەوە خوێنراونەتـەوە، کە لـە (تاران)ـەوە هاتبـووە هەولێـر و میوانـی دووەمیـن فیسـتیڤاڵی ڕامـان بـوو.**

**(ڕامان)**